



# خوێندنەوە و پێشانگەی کتێب

مەولانا دەڵێ:
بولبول دەتباتە لای گوڵ
قەلەڕەش دەتباتە لای زبڵدان
بزانە هاوڕێیەتی کێ دەکەی.

ئازاد عەبدولواحید



* پێویست ناکا بە درێژی باسی گرنگیی کردنەوەی پێشانگەی کتێبان بکەم، ڕاستییەکەی من بە کردنەوەی ئەو جۆرە پێشانگەیانە شاگەشکە دەبم و زۆر بەلامەوە گرنگن، لەوەش گرنگتر ئەوەیە کردنەوەی ئەو پێشانگەیانە خەریکە دەبنە نەریتێکی ساڵانە و لە شارەکانی کوردستاندا کردنەوەیان دەبنە باو و خەڵکی بە تاسووقەوە چاوەڕێیان دەکا.

* زۆربوون و بایەخدان بەو چالاکییە شارستانی و سەردەمیانەیە، بینینی ئەو ئاپۆرا و خەڵکە، بەو ژمارە زۆرەی سەرجەم ڕەگەز و چین و توێژ و تەمەنە جیا جیایانە، هاتنی عاشق و هەوادارانی کتێب و خوێندنەوە و یەکتربینین و ناسین و بە یەکدی شادبوونەوەی نووسەر و ئەدیب و ڕۆژنامەنووس و هونەرمەندانی شار و شارۆچکەکان، لەو کەرنەڤالی پێشانگەیانەی کتێباندا، تا بڵێی هەنگاوێکی دڵخۆشکەرەیە.

* بوونی ئەو هەموو داوودەزگایانەی چاپ و بڵاوکردنەوە و دابەشکردن، بە هەموو زمانەکانی وڵاتانی دەوروبەر و دنیا، هێنانی چاپی یەکەم و دووبارە و سێبارە چاپکردنەوەی زۆر لە کتێبەکان، یان بانگهێشتی هەندێ نووسەر و شاعیر و بیرمەند و ڕەخنەگران بۆ قسەکردن لە بارەی تەوەرە گرنگەکانی ئەدەبیات و ڕەخنە و هزر و تەکنۆلۆژیا، بە درێژایی ڕۆژانی پێشانگە و کردنەوەی دەرگای دیالۆگ و گفتوگۆی کراوە، ئیمزاکردنی کتێبە نوێیەکانی نووسەر و ڕەخنەگر و شاعیر و ڕۆماننووسان، هەموو ئەمانە مایەی ئاسوودەیی و خۆشحاڵین، زۆرجار کە بە دوای کتێبێک، سەرچاوەیەکی دڵخوازی خۆتدا گەڕاوی، ڕێکەوتووە لە پڕ لە سووچێکدا وەبەرچاوت دەکەوێ و وەگیری دەخەی، ئەوسا خەنی دەبی و لە خۆشییان دەکەویتە باڵەفڕە و دەشنێیتەوە.

* بێجگە لە هەموو ئەوانە، کتێب لە ڕێی وەرگێڕانی باشەوە، هۆکارێکی گرنگە بۆ لێک نزیکبوونەوەی گەلانی دنیا لە یەکتری، ئەمڕۆکەش بەهۆی ئاسانکارییەکانی تەکنۆلۆژیاوە، زۆر لە جاران زیاتر ئادەمیزاد کاریگەری لەسەر یەکدی دادەنێن و سوود لە دەستاوێژە زانستی و فیکری و مەعریفییەکانی سەردەم وەردەگیرێ.

* هەر لەو پێشانگەیانەدا زۆر لە دۆست و هاوڕێ و ئاشنایانت دەبینی و لەگەڵیان دەکەویتە دەمەتەقێ و سەبارەت بە کتێبی گرنگ و دەگمەن و دانسقە، یەکتری لێ ئاگاداردەکەنەوە، یان لەگەڵ یەکتر لە بارەی زۆر باس و بابەتی گرنگ و زیندوو دەدوێن و گفتوگۆی گەرموگوڕ دەکەن. دەمێکە گوتراوە: (ئەوەی بەبێ ڕابەر و چاوساغ بە ڕێگەیەکدا بڕوات و سەد ساڵ بخایەنێ، لە گەشتێکدا لەگەڵ ڕێبەرێک لە دوو ڕۆژ پتر ناخایەنێ)، بوونی ئەو ڕێبەر و چاوساغانە لەو شوێنەدا زۆر کەڵکی هەیە و ڕێگەی دوورودرێژ بۆ ئەوانەی سەرەتای خوێندنەوەیانە کورت دەکاتەوە، ئەمەش بەهۆی سوودوەرگرتن لە کەسانی خاوەن ئەزموون لە خوێندنەوە و شارەزا و کتێبناس لە کاتی هەڵبژاردنی سەرچاوەی باش، ئەمە زۆر پێویست و بە کەڵکە.

* هەڵبژاردنی جۆری کتێب بۆ خۆی پرۆسەیەکی گرنگە، لەبەر ئەوەی تەمەنی مرۆڤ دیاری کراوە و فریای خوێندنەوەی هەموو کتێبە باش و دڵخوازەکانی خۆی ناکەوێ، بۆیە هەموو کەسێک بۆ دەستنیشانکردنی کتێب، پێویستی بە هەڵبژاردن- ئینتیقائیەت هەیە. تاکی ئەو سەردەمەمان دەبێ کاتی خۆی لە ڕاگەیاندنی جەماوەری و سۆشیالمیدیادا بە فیڕۆ نەدا و بۆ بە دەستهێنانی زانیارییەکانی تەنیا پشت بەو هۆیانەی ڕاگەیاندن نەبەستێ، تاکوو بتوانێ لە تەنگژەی فەرهەنگیی ڕاستەقینە ڕزگاری بێ، لەبەر ئەوەیە خوێنەری ئەو سەردەمە ئەگەر زۆر عاشق و تینووی ڕۆشنبیری و فێربوون و خوێندنەوەی کتێب نەبێ، ئەوە هەرگیز ناتوانێ دەستی بەو سەرچاوە هەمەجۆرانەی ڕۆشنبیریی بگات کە دەیخەنە سەر ڕێی دۆزینەوەی ڕۆشنبیرییە ڕاستەقینەکە، بۆیە ئەوانەی بەدوای سەرچاوەکانی ڕۆشنبیریی ڕاستەقینەدا دەگەڕێن، زۆرتر هۆگری کتێب خوێندنەوەن، کە ئەمڕۆ ئەوانە ژمارەیان زۆر نییە.